

د. شێرکۆ بابان*

# مۆرفیمی ئێستایی بە ئاوێتەیی

## ١- دەستپێک:

لە دەیان نووسیندا، ئێمە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) دوواوین ڕێزمانەکەیمان لێک داوەتەوە. تەنانەت، کتێبێکمان لەسەری داناوە بەناوی (ڕێزمانی مۆرفیمی ئێستایی/ هەولێر ٢٠٠٦). ئەمە و لەگەڵ ڕێزمانی (بوون و هەبوون)دا، لە چەندین جێدا ئەو بابەتە گرنگەمان خستووەتە بەر زوومی توێژینەوە. لە ڕاستیدا، هەر لە سەرەتای ئیشەکانەوە، ئێمە مۆرفیمی ئێستاییمان بە (هەوێن)ی ڕستەسازی داناوە، لە بچووکترین ڕستەی زمانی کوردیدا، وەک:

**منم: ئێمەین**

**تۆیت: ئێوەن**

**ئەوە: ئەوانن**

بەبۆچوونی ئێمە، لە ئەو سێتە ڕستەیەدا مۆرفیمی ئێستایی هەیە و ڕۆڵی (جووتکەر) دەبینێت لە نێوان بکەری جودا (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) و بکەری لکاو (م، یت، ە، ین، ن، ن). لەگشت ئیشەکانی ئێمەدا، ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە، کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە ریزەکەدا هەیە، بەڵام داپۆشراوە بەجێناوەکانی (م، یت، –، ین، ن، ن). ئەوەیش

لەیاد نەکەین، کە دەرکەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە)، لە ئاستی کەس سێیەمی تاکدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە جێناوەکە نادیارە و مۆرفیمەکەش لە داپۆشراوی دەرباز بووە. لە ئەو نووسینانەدا کە بڵاو کراوەنەتەوە، چەندین میکانیزم خراوەتە روو بۆ دەربازکردن و ئاشکرکردنی مۆرفیمی ئێستایی لە داپۆشراوی. لە ئەم نووسینەدا، واز لە باری داپۆشراوی دەهێنین روو دەکەین لە باری تواوەیی، یان باری ئاوێتەیی. لە ئەم جۆرە بارەدا، مۆرفیمەکە ئاوێتە دەبێت و جودا دەبێتەوە لە جێناوە لکاوەکان.

**٢- مۆرفیمی ئێستایی بەداپۆشراوی:**

لە سێتە جێناوێکی لکاودا لە چەشنی:

**[م، یت، ح، ین، ن، ن]**

هەر شەش ئەندامی سێتەکە بارگاوین بە مۆرفیمی ئێستاییەوە، چونکە ئەو مۆرفیمە لەسەر کورسی (کەس سێیەمی تاک) دانیشتووە و دەرکەوتووە. بەواتایەکی دی، ئەگەر هەر یەکێک لە ئەندامەکانی سێتەکە وەربگرین، ئەوا بە ڕواڵەت جێناوێکی رووت دەبینین، بەڵام لە رەسەندا ئەو جێناوە بارگاوییە بەڕێژەی کاری بوونەوە. بۆ نموونە، جێناوی لکاوی (ین) بەرانبەر بە (We are) دەوەستێت لە زمانی ئینگلیزیدا. لە ئەم زمانەدا، رەگەزی کاری بوون (to be) و جێناوی کەسی یەکەمی کۆ (We) بەجودایی دەرکەوتوون. کەچی لە زمانەکەی ئێمەدا، هەر جێناوەکە (ین) دیارە، بەڵام بارگاوییە بەڕێژەی کاری (بوون) ەوە. ئەم بەراوردکارییە ڕەنگە بەجوانی ئەنجام نەدرابێت، چونکە هەردوو زمانەکە لە روو تەرزی جیاوازن، بەڵام مەبەستی لێکۆڵینەوەکە دەپێکێت. لە لایەکی ترەوە، لە هەر جێیەکدا کە سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن) ریزبوون، ئەوا مۆرفیمەکە لە ریزەکەدا بەرجەستەیە بەڵام بە داپۆشراوی، وەک:

**تۆ نە(ت) ناسیو (م)**

**من نە(م) ناسیو (یت)**

**تۆ نە(ت) ناسیو (ە)**

**تۆ نە(ت) ناسیو (ین)**

**من نە(م) ناسیو (ن)**

**تۆ نە(ت) ناسیو (ن)**

لە ئەو سێتە نموونەیەدا، سێتە جێناوەکە دەرکەوتووە و لە ڕۆڵی (بەرکار) دایە. لە گشت ئیشەکانی ئێمەدا، چەندین میکانیزم بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئەو سێتە جێناوە بارگاوییە بە مۆرفیمی ئێستاییەوە.

## ٣- بڕکردنی مۆرفیمی ئێستایی:

زاراوەی (بڕکردن) واتای جوداکردنەوە و هاوێرکردن دەبەخشێت. بەواتایەکی تر، دەمانەوێت مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بڕ بکەین لە ئەو جێناوە لکاوەی کە دایپۆشیوە. کەواتە، دەبێت میکانیزمێک بدۆزینەوە، کە بتوانێت کۆلکە دوو ڕەگەزەکان لەت بکات و ئەو لەتەی دەربخات کە لە بەرچاو نییە، بەڵام رامانێکی واتایی هەیە. ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەو میکانیزمەی بەکار دەهێنرێت دەبێت لە خودی ڕێزمانی کوردییەوە بێت. لە ئەو نووسینانەدا، کە بڵاومان کردوونەتەوە، دەیان جار ئەو میکانیزمانە بەکار هێنراون و باس کراون، بەڵام مەبەستی ئەمڕۆمان بریتییە لە جودا کردنەوەی مۆرفیمەکە لە جێناوە لکاوەکە.

لە ئەو سێتە رستەیەدا کە لە پێشەوە باس کرا، سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن) بەرجەستەیە و لە خۆشبەختیدا، ڕێزمانی کوردی ڕێ دەدات کە جێناوە لکاوەکان جودا بکەینەوە و مۆرفیمی ئێستایی بەبڕکراوی ببینین. لە ڕاستیدا، ئەم میکانیزمە کاتێک دەچەسپێت کە:

یەکەم: رستەکە لە دەمکاتی رابردووی تەواودا بێت.

دووەم: کارەکە (تێپەر) بێت و سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن) لە ڕۆڵی (بەرکار)دا بێت. لە ئەم هەلومەرجەدا، دەتوانین (بەرکار)ی دەربڕاو بە (جێناوی لکاو) بگۆڕین بە بە (بەرکار)ی دەربڕاو بە (جێناوی جودا)، وەک:

**تۆ نە(ت) ناسیو (م) : تو (من)ت نەناسیو (ە)**

**من نە (م) ناسیو (یت) : من (تۆ)م نەناسیو (ە)**

**تۆ نە (ت) ناسیو (ە) : تۆ (ئەو)ت نەناسیو (ە)**

**تۆ نە (ت) ناسیو (ین) : تۆ (ئێمە)ت نەناسیو (ە)**

**من نە(م) ناسیو (ن) : من (ئێوە)م نەناسیو (ە)**

**تۆ نە (ت) ناسیو (ن) : تۆ (ئەوان)ت نەناسیو (ە)**

بەسەرنجێکی هورد لە ئەم نموونانە، چەند راستییەک دەردەکەوێت، وەک:

**یەکەم**: ئێمە جێناوی لکاوی (بەرکار)مان گۆڕی بە جێناوی (جودا)، کەچی (سەر باقی) مایەوە. بۆ نموونە، جێناوی (م) کرا بە جێناوی (من)، کەچی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بوو بەسەر باقی، وەک:

جێناوی (م) --- جێناوی (من) + مۆرفیمی (ـە).

**دووەم**: لە کەسی سێیەمی تاکدا، جێناوە، لکاوە کە نادیارە هەر لەبەرئەوە مۆرفیمەکە (ـە) دانەپۆشراوە و لە پاش دانانی جێناوی جودا (ئەو) هەر دیارە.

**سێیەم**: لە ئەم میکانیزمەدا، جێناوە داپۆشەرەکە لا دەچێت. بەڵام مۆرفیمە داپۆشراوەکە لا ناچێت، چونکە رۆڵی رۆنانی هەیە لە رێژەی ( رابردووی تەواو)دا.

**چوارەم**: بەڕاستی و بەدروستی، توانیمان بەڕێزمانی کوردی بسەلمێنین کە ئەو جێناوە لکاوانە بارگاوین بە مۆرفیمی ئێستاییەوە.

### ٤- مۆرفیمی ئێستایی بە تەواوەیی:

لە هەندێک نموونەدا، مۆرفیمی ئێستایی دەتوێتەوە و ئاوێتە دەبێت. واتە، داناپۆشرێت تا بتوانین ئاشکرای بکەین بە میکانیزمێک، کەچی دەتوێتەوە و دەبێت بە ئاوێتەیەک لە چەشنی ئاوێتەیەکی کیمیاوی کە ناشێت پێکهاتەکانی لە یەکتری بڕ بکەین. بۆ نموونە، دەگوترێت:

**من هە (م) : من کوا (م)؟**

**تۆ هە (یت) : تۆ کوا (یت)؟**

**ئەو هەیـ (ـە) : ئەو کوا (–)؟**

**ئێمە هەیـ (ین) : ئێمە کوا (ین)؟**

**ئێوە هە (ن) : ئێوە کوا (ن)؟**

**ئەوان هە (ن) : ئەوان کوا (ن)؟**

لە ئاستی ئەم دوو دەستە نموونەیەدا، چەند راستییەک هەیە. وەک:

**یەکەم**: لە نموونەکانی دەستە راستدا، سێتە جێناوی (م، یت، ـە، ین، ن، ن) هەیە و ئاشکرایە و واتای کاری (بوون) زاڵە بەسەر رستەکاندا.

**دووەم**: لە نموونەکانی دەستە چەپدا، سێتە جێناوەکە گۆڕاوە بۆ (م، یت، –، ین، ن، ن)،

بەڵام لە ئێرەشدا واتای کاری (بوون) زاڵە بەسەر رستەکاندا.

**سێیەم**: لەبەر رووناکی ئەوەی گوترا، لە هەردوو سێتە رستەکەدا، هەمان رۆنانی رستە سازییانە و هەمان سێتە جێناو هەیە. لە سێتەکەی دەستە راستدا، جێناوەکان مۆرفیمەکەیان داپۆشیوە و لە جێناوی نادیاری کەسی سێیەمی تاکدا دەرکەوتووە. لە نموونەکانی دەستەچەپدا، جێناوەکان رووتن و مۆرفیمەکە تواوەتەوە لە ئامرازی (کوا)دا. تەنانەت، مۆرفیمەکە بە (رامان) هەیە، بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکیشدا دەرنەکەوتووە.

**چوارەم**: بە پێی ناوەرۆکی خاڵی پێشوو مۆرفیمەکە بڕبووە و جیابووەتەوە لە جێناوەکان (م، یت، ـە، ین، ن، ن) ، چووەتە سەر ئامرازی پرسیار (کوا) بۆ ئەوەی کۆلکەیەکی (دوو ڕەگەز) دروست بکات.

**پێنجەم**: بە ئەم پێیە ئامرازی (کوا؟) دوو لایەنی واتایی هەڵ دەگرێت وەک:

**(کوا؟) ـــــ لایەنی پرسیار (لەکوێ؟)**

**ـــــ توخمی کاری (بوون)ی ئێستایی**

لە رووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە، ئامرازی (کوا)، چەند رەگەزێکی تێدا هەیە، وەک:

- **ئامرازی پەیوەندی (لە...)**
- **ئامرازی پرسیار (کوێ)**
- **رەگەزی (بوون) بەدیوی (ئەرێ)دا.**
- **دەمکاتی (رانەبردوو)**
- **کەسی سێیەمی تاک (جێناوی نادیار).**

**شەشەم**: چەند بەڵگەیەک هەیە بۆ ئەوەی باری ئاوێتەبوونی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بسەلمێنین. واتە، مۆرفیمی ئێستایی لە ئاستی هەر شەش کەسەکەدا جیابوونەوە و وەک ئاوێتەیەکی کیمیایی کار دەکات و ناشێت جارێکی تر لە ورگی ئامرازی (کوا؟) دەری بکەین،

بەڵگەی یەکەم: هەر شەش رێژەکەی ئامرازی (کوا؟)، باری (نەرێ) پەسەند ناکەن، ناگوترێت(*):

**من کوام؟ : من کوا (نی)م؟ (*)**

**تۆ کوایت؟ : تۆ کوا (نی)یت؟(*)**

**ئەو کوا (ـ)؟ : ئەو کوا (نی)...؟ (*)**

**ئێمە کوا (ین)؟ : ئێمە کوا (نی)ین؟ (*)**

**ئێوە کوا (ن)؟ : ئێوە کوا (نی) ن؟ (*)**

**ئەوان کوا (ن)؟ : ئەوان کوا (نی) ن؟ (*)**

بەڵگەی دووەم: لەبەرئەوەی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) تواوەتەوە و دەرناچێت لە ورگی ئامرازی (کوا؟)، ناتوانین ڕێژەی رابردوو چێ بکەین، وەک (*):

**من کوام؟ : من کوا (بوو)م ؟ (*)**

**تۆ کوایت؟ : تۆ کوا (بوو)م ؟ (*)**

**ئەو کوا ؟ : ئەو کوا (بوو) – ؟ (*)**

**ئێمە کواین ؟ : ئێمە کوا (بوو)ین ؟ (*)**

**ئێوە کوان ؟ : ئێوە کوا (بوو)ن ؟ (*)**

**ئەوان کوان ؟ : ئەوان کوا (بوو)ن ؟ (*)**

لە راستیدا، ئەم جۆرە ڕێژەیەی کە نە باری (نەرێ) و نە ڕێژەی (رابردوو) پەسەند دەکەن، خۆ لە خۆدا بریتیین لە (حەشارگە)یەکی ریزمانی کوردی.

**٥- نیشانەی نەرێ (نی)**

لەریز نموونەیەکدا، وەک:

**من —— (م) : من (نی) (م)**

**تۆ —— (یت) : تۆ (نی) (یت)**

**ئەو — (ە) : ئەو (نی) یـ (ـە)**

**ئێمە ——(ین) : ئێمە (نی) (ین)**

**ئێوە —— (ن) : ئێوە (نی) (ن)**

**ئەوان —— (ن) : ئەوان (نی) (ن)**

نیشانەی نەرێ (نی) دەرکەوتووە، بەڵام مۆرفیمەکە هەر ماوەتەوە لە ریزەکەدا. کەواتە نیشانەی (نی) بریتیی نییە لە پێکهاتەیەکی دوو رەگەز، بەڵکو بریتییە لە پێکهاتەیەکی یەک رەگەز، کە بە تین و تەشەنەی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) روخساری گۆڕیوە بۆ (نی)، لە جیاتی

(نە). ئەمە و دەرکەوتنی نیشانەی (نی) لە ئاستی هەر شەش کەسەکەدا بریتییە لە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ هەبوونی ڕێژەی کاری (بوون) لە ریزەکەدا بەڵام بەنادیاری. بێ گومان، هەتا ئەمڕۆ (٢٠٠٨/١٠/٩) وامان دەزانی کە نیشانەی (نی) دوو توخمە و لە ئەمڕۆوە دەتوانین بڵێین نیشانەی (نی) روخسارێکی نەخشاوی هەیە لە ئاستی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کە بریتییە لە ڕێژەی کاری بوونی ئێستایی. بۆ نموونە، لە رستەی سێیەمدا، مۆرفیمی (ـە) دیارە و ئاشکرایە، بەڵام لە پێنج نموونەکەی تردا دیار نییە بە روخسار. لە هەلومەرجی ئاوها مۆرفیمی ئێستایی، چی بە (دیاری) و چی بە (نادیاری) تەشەی خۆی دەکات و داوای نیشانەی (نی) دەکات. لە راستیدا، دەرکەوتنەوەی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە رستەی سییەمدا و بە تەریبی لەگەڵ نیشانەی نەرێ (نی)، وا دەکات کە نیشانەی (نی) بە (دوو رەگەز) نەناسین. لە ئەم رووەوە، دەتوانین بڵێین، کە ئەم نیشانەیە (نی) تایبەتە بە توخمی کاری بوونی ئێستایی (ـە) و تەنها لە (ڕێزمانی دۆخ)ی مۆرفیمی ئێستاییدا دەردەکەوێت، وەک:

| باری ئەرێ | باری نەرێ |
| --- | --- |
| (ـە) | نی + (ـە) |
| وەک: | وەک: |
| شیلان جوان (ـە) | شیلان جوان (نی) (ـە) |
| ئەمە ئەو (ە) | ئەمە ئەو (نی) (ـە) |

کەواتە هەبوونی نیشانەی نەرێ (نی)، لە تای تەرازووی ڕێزمانی کوردیدا، ئەوە دەگەیەنێت کە لە تایەکەی بەرانبەردا، چی بەدیاری و چی بە نادیاری، مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هەیە، بەراستەوخۆیی لە دەمکاتی رانەبردوودا.

## ٦- پوختەکاری:

لە رووبەری نووسینەکانی ئێمەدا، لە چەندین لاوە زوومی لێکۆڵینەوە ئاراستەی مۆرفیمی ئێستایی کراوە و چەندین توێژینەوەی لەسەر بڵاو کراوەتەوە. لە ئەم نووسینەشدا، جارێکی تر روو دەکەینەوە لە ئەم رەگەزە ڕێزمانییە گرنگە و لە گۆشە نیگای (باری ئاوێتەیی)یەوە سەیری دەکەین، وەک:

* مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هەر لە رەگێشەوە بووە بە (بارگە)یەک بۆ ریزە جێناوی (م،یت، ـە، ین، ن، ن). واتە، لە ئەو سێتە جێناوەدا، کە مۆرفیمی ئێستایی لە جێی کەسی

سێیەمی تاک دەرکەوتووە، هەر پێنج جێناوەکەی تر، بارگاویین بە مۆرفیمی ئێستاییەوە و لە ژێر خۆیاندا دایان پۆشیوە.

* ئەو سێتە جێناوە (م، یت، ـە، ین، ن، ن) لە دەمکاتی رانەبردوودا بریتیین لە سێتەرێژەی کاری بوونی ئێستایی. بەڵام رابردوودا، بریتین لە (رێژەی رۆنەر) بۆ دەمکاتی (رابردووی تەواو).
* ئەو سێتە جێناوە بارگاوییە (م، یت، ـە، ین، ن، ن)، کە بریتین لە رێژەکانی کاری (بوونی ئێستایی)، ئەرکی (بکەر) دەگێرن لە رێژەی (تێنەپەڕ) و ئەرکی (بەرکار) دەگێرن لە رێژەی (تێپەڕ)دا. ئەمەش، چی لە رابردوودا و چی لەوانەبردوودا.
* هەر رێژەیەک لە (نەرێ)دا، داوای نیشانەی (نی) بکات و هەرچەندە پێچ پێچاوی بێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ رێژەکانی کاری (بوونی ئێستایی) لە رانەبردوودا.
* لە ئامرازی (کوا؟)دا، مۆرفیمی ئێستایی (ـە) جیابووەتەوە لە (جێناوە لکاوەکان) و بووە ئاوێتەیەکی جێگیر لە جەستەی (کوا؟)دا. هەر لەبەر ئەر هۆیە، نەدەتوانرێت رێژەی (نەرێ) چێ بکرێت و نە دەتوانرێت دەمکاتی رابردوو چێ بکرێت بۆ ئامرازی پرسیار (کوا؟). لە گشت دۆخەکانی تردا، دەتوانرا، مۆرفیمی ئێستایی دەرباز بکرێت لە (داپۆشین)، کەچی لە ئامرازی (کوا؟)دا، ئاوێتەکە هێندە پتەوە، کە ناتوانرێت لە یەکتری جودا بکرێنەوە. بەهەمان شێوە، لە وەڵامی ئامرازی (کوا؟)دا، وەک (ئەوەتا) و لەبەر پەرچی رستەی کە بریتییە لە (کامەتا)، هەمان میکانیزم دووبارە دەبێتەوە، چونکە لە (ئەوەتا) و لە (کامەتا)دا، مۆرفیمی ئێستایی بووە بە (ئاوێتە) و جودا ناکرێتەوە.
* بەپێی بۆچوونی پێشووی ئێمە، لە نیشانەی (نەرێ)دا، لە چەشنی (نی)، مۆرفیمی ئێستایی (ـە) کارلێکی کردووە لە نیشانەی (نە) و گۆڕیویەتی بۆ (نی). لە ئەم دەستەواژەیەدا، باری (ئاوێتەیی) زۆر پتەو نییە، چونکە دەمکاتی رابردووی هەیە، وەک:

**من نیم : من نەبووم**

**تۆ نیت : تۆ نەبوویت**

**ئەو نییە : ئەو نەبوو...**

**ئێمە نین : ئێمە نەبووین**

**ئێوە نین : ئێوە نەبوون**

**ئەوان نین : ئەوان نەبوون**

لە لایەکی ترەوە، ئەو رستانەی پێشەوە دەتوانن رستەی (نیاز) و رستەی (گومان) چێ بکەن، وەک:

- رستەی نیاز:

**من (نی)م: بریا من (نە) بام**

**ئێمە (نی) ین : بریا ئێمە (نە) باین**

- رستەی گومان:

**من (نی)م : رەنگە من (نە) بم**

**ئێمە (نی)ین : رەنگە ئێمە (نە) بین**

کەواتە، جارێکی تر دۆخی نیشانەی (نی) هەڵوەشاتەوە و بووە بە دۆخی (نە). بەکۆی ئەو پاساوانەی سەرەوە، نیشانەی نەرێ (نی) بەرێزمانی توخمی کاری بوون (ـە) روخساری نەخشێنراوە بۆ دۆخی (نی) لە جیاتی نیشانەی (نە)، نەک ئاوێتەیەک لە (مۆرفیمی ئێستایی) و (توخمی کاری بوون). بۆ پاساودانی ئەم راستەکردنەوەیە، دەتوانین سەرنجێک بدەین لە نموونەی کەسی سێیەمی تاک، وەک:

**ئەمە ئەو (نی) یـ (ـە)**

لە تیرەدا، مۆرفیمی ئێستایی (ـە) وەک توخمی کاری (بوون) بەرجەستەیە، کەچی ئامرازی (نی) بەکارهێنراوە. بەواتایەکی دی مۆرفیمی ئێستایی تێکەڵ نەبووە بە نیشانەی (نە) تا بیکات بە (نی). کەواتە، نیشانەی (نی) دۆخی نەرێ دیاری دەکات لە ئاستی رێژەی کاری (بوون)دا، کە بەراستەوخۆیی بە مۆرفیمی ئێستایی دەربڕدرابێت، وەک:

کاری بوونی ئێستایی لە رانەبردوودا

| | |
|---|---|
| باری (ئەرێ) | باری (نەرێ) |
| (ـە) | (نی + ـە) |
| وەک : | وەک : |
| ئەو (ە) | ئەو (نی) یە |

* نیشانەی پرسیار (کوا؟)، بریتییە لە کەرەستەیەکی بەکار بۆ جوداکردنەوەی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە جێناوەکانی (م، یت، ـە، ین، ن، ن). لە راستیدا، دەرکەوتنی سێتە جێناوەکە بە روخساری (م، یت، -، ین، ن، ن) و قفڵ بوونی دەستەواژەی (کوا؟) لەسەر

یەک باری ڕێزمانی، بریتییە لە پاساوێک بۆ هەبوونی (جێناوی بارگاوی).

* بەهەمان شێوازی دەستەواژەکانی (کوا، ئەوەتا، کامەتا،...) ئامرازێکی تر هەیە لە چەشنی (وا) کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە)ی تواندووەتەوە و خۆی قفل کردووە لە سەری، وەک:

**من وا (م) لەوێ**

**تۆ وا (یت) لەوێ**

**ئەو وا (–) لەوێ**

**ئێمە وا (ین) لەوێ**

**ئێوە وا (ن) لەوێ**

**ئەوان وا (ن) لەوێ**

لە هەندێک شێوازدا، دەستەواژەی (وا) بە (ها) گۆ دەکرێت، وەک شێوەزاری گەرمیان. لە بەرانبەردا، لە ئامرازی (وا)دا، بە واتای (وەها، ئاوەها، ئاوها)، مۆرفیمی ئێستایی هەرس نابێت و ناتوێتەوە لە ئامرازەکەدا، وەک: ئەو (وا)یە و تۆ (وا) مەبە.

سەرچاوە:

– د، شێرکۆ بابان، گشت کارەکانی خۆمان لەسەر ڕێزمانی (بوون و هەبوون) و ڕێزمانی (مۆرفیمی ئێستایی).

– مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.

* پرۆفیسۆری هاریکار